# ئاوازی دەنگت



دڵکەش قادر

تەنها ئاوازی دەنگت

دەمباتەوە نێو دابڕانێ

نێو خەیاڵێك

نێو گەڕانەوەی بەشێك لە یادەوەری

تەنها ئاوازی دەنگت

ناهێڵی لە گەنجیم دابڕێم

ناهێڵێ دووربم لە تۆ

چەند سەیرە

هەموو منی تیا تۆمارکراوە

ئاوازی دەنگت

هەموو خەمەكانم
لە نێو ئاوازی دەنگتا
توانەوە

لە نێو ئاوازی دەنگتا
وەك ڕابیعەی عەدەوی لە ناو
تاریكییا ئەسووتێم و
ناڵەم چرای دڵ دەگاتە بەر پەنجەرەی دڵ.

لە تۆدا هەمووشتێ بۆ من گرنگە
تەنانەت هەناسە و
دەنگی پێی و
ئاوازی دەنگیش

خودا كە جوانی خولقاند
هەموو شتێ دەتوانێ ببێتە نۆتەیەك لە سەمفۆنیای ئاوازی جوانیی دەنگت.

سلێمانیی
دڵكەش قادر